گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی VARK لەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زیندەزانی

**کانی عمر اسماعیل**
بەشی زانستە گشتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - -زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر -هەرێمی کوردستانی -عێراق
Kani.ismael@su.edu.krd

**وعد محمد نجاة صبری**
کۆلێژی پەروەردە -بەشی فیزیک -زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر -عێراق
waad.najat@su.edu.krd

## پوختە

ئامانجی توێژینەوە زانینی شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی VARK لەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لە بابەتی زیندەزانی. توێژەران پشتیيان بە دیزاینی وەسفی بەستوە، وە کۆمەڵگای توێژینەوە بریتی بوو لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) کە ژمارەیان (٤٠٨) قوتابخانە بوون وە توێژەران بە هەرەمەکی چەند قوتابخانەی دیاریکرد وەک قوتابخانەی (دنیای بنەڕەتی کچان وهێژای بنەڕەتی کوڕان ودڵداری بنەڕەتی تێکەڵاو وبێتواتەی بنەڕەتی کچان). کۆمەڵگایەکە بریتیی بوو لە (١٥٣٨٩) قوتابی، وە (٧١٢٨) قوتابی لە ڕەگەزی نێر (٨٢٦١) قوتابی لە ڕەگەزی مێ ونموونەی توێژینەوەکەش بریتیی بوو لە (٦٩٠) قوتابی.

وەپێوەری Fleming بۆ شێوازەکانی فێربوون بەکارهێنا کە بریتی بوولە (١٦) برگە وە ڕاستی وجێگیری دەرهێنا. بە نمرەی (٠.٨٨) کە بە جێگیری یەکی گونجاو دادەنرێت.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٩
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٧
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Learing Style,
Model Vark,
Biology,
Student,
Gender (Male-Female)

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.2.15

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەران دەستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە کرد لە رێکەوتی ١٠-٢-٢٠٢٢تا رێکەوتی٢٢-٢-٢٠٢٢ کۆتایی پێ هات دوای کۆکردنەوەی داتاکان وشیکردنەوەی بەشێوەی ئاماری بە رێگای بەرنامەی (spss) ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت:

١- باشترین شێوازی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بریتیە لە شێوازی بینین لە ڕەگەزی نێر.

٢- باشترین شێوازی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بریتیە لە شێوازی وجوولە لەرەگەزی مێ.

وە توێژەران چەند ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو لەوانە سەرنج ڕاکێشانی ڕوانینی مامۆستایان وپەروەردەکاران بۆ شێوازەکانی فێربوونی باو (خواستراو) لای قوتابیان وە کارکردن لەسەر ڕاهێنانیان لەسەر شێوازەکانی تری فێربوون هەتاوەکو هاوسەنگی دروست بێت.

وە لە کۆتایی توێژینەوەکە دا پێشنیازی جەند ناونیشانێکم کرد بۆ ئەوەی توێژەرانان لە داهاتوو دا توێژینەوەی لەسەر بکەن.

## پێشەکی:

لە چەرخی ئێستا دا بە دەست هێنانی معریفە لە لایەن فێرخوازەوە پەیوەستە بە وەی تا چەندە پرۆگرامە بڕیار لێدراوەکان گونجاوە و یەکانگیرە لەگەڵ ئارەزوو و ئامانجەکانی، تا چەندە بە پێ ی بنەماکانی پێداگۆجی فێرکاری و ژینگەی لە باری خوێندن و توانای مامۆستایان بۆ دروست کردنی پێوەندییەکی پتەو و شایستە لەگەڵ فێرخوازان، ئەوەش لەبەر ئەوەی فێربوون بریتییە لە سەنگی مەحەکی هەموو پرۆسەیەکی پەروەردەیی، چونکە هەر کاروکردارو هەڵوێستێکی پەروەردەیی لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی ڕێژییە لە ڕەفتاری فێرخواز بەپێ ی ئاستە جۆراوجۆرکانی مەعریفی و ویژدانی و کارامەیی. (عزیز،٢٠١٤)

پرۆگرامەکانی هاوچەرخ ومیتۆدە نوێیەکانی فێرکردن، هەوڵی زۆریان داوە تا ڕۆڵی فێرخواز بگۆڕن لە ئارستەیەکی پاسفەوە بۆ ئاراستەیەکی ئەکتیف وکارا، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا پرۆسەی فێربوون ڕێکخراو وگونجاو وپڕۆگرامی بێت وهەڵقولابێت لە هەوڵە تایبەتەکانی قوتابی، ئەوەش فێربوونێکی ستراتیژی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگە کە ئامانجی ئەوەیە ڕاهێنان بە فێرخواز بکات بۆ وەرگرتن وبەکارهێنانی کۆمەڵێک کارامەیی عەقڵی لە چۆنیەتی فێربوون وبیرکردنەوە وگەڕانێکی خودی بۆ مەعریفە و هەڵسەنگاندن وحوکم لەسەر دانی. (قادر،٢٠١٤لا٨)

هەر بۆیە پەروەردەیی نوێ وهاوجەرخ بەرپرسیاریتی لەوەدایە کە بەشێوەیەکی میتۆدی وئەکادیمی فێرخواز فێری بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی کارامەییەکان بکات کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک ڕێگاو شێواز وکردە، کە هەموو بەوانەش دەگوترێ ستراتیژەکانی فێرکردن. لەبەر ئەوەی زانستی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی پێمان دەڵێت کە جیاوازی تاکاییەتی هەیە لە نێوان فێرخوازان، بەو واتایەی هەر فێرخوازێک سروشت و تایبەتمەندی فکری و جەستەیی و ڕوحی و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جیاوازی هەیە، هەر بۆیەش بەکارهێنانی یەک ڕێگاو یەک شێواز ویەک ستراتیژی فێرکردن سەری لە هەڵەیەکی گەورە دەچێت  و دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی ووزە و ووره و بەهرەی چەندین فێرخواز کە ئەمەش پێچەوانەی ئامانجە پەروەردەییە باڵاکانە کە دەیەوێت ووزە و توانا بێسنورو شاراوەکانی فێرخوازان ئاشکرا بکات و ئاراستەیان بکات و بیانخاتە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەوە.(سیوةيلي،٢٠١٤)

وە شێوازەکانی فێربوونی ڤارک (vark) یەکێکە لەو شێوازە نوێ وهاوچەرخانەی فێربوون کە گرنگی وبایەخێکی زۆر گەورەی هەیە لە ڕووی شێوازە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن جونکە زۆر بە چڕوپڕی ووردبینی دەخاتە سەر ئەو ڕاستیەیی کە هەر فێرخوازێک شێوازر ڕێگایەکی تایبەتی خۆی بۆ فێربوون ووەرگرتنی مەعریفە. ئەو شێوازەی ڤارک (vark) ڕێگای سەرکەوتن وفێربوونێکی نایابی فێرخوازان بۆ مامۆستایان ڕۆشن دەکاتەوە وکلیلی سەرکەوتنی فێرخواز دەداتە مامۆستایان.

دوا بەدوای بە دواچوون وپرسیارکردن وخوێندنەوەی چەند پەرتووک وتوێژینەوەیەک گەیشتمە گەڵاڵەکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە ماموستایان لە قوتابخانەکان ئەو ڕێگاو شێوازانەی فێرکردن ووانەوتنەوەی کە بەکاری دەێنن لە بابەتی زانستەکان بەتایبەتی(زیندەزانی) ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی فێرخوازان ناکات.

هەروەها ڕیگا بەکارهێنراوەکان بە وردی وبە تەواوی نابنە هۆی فێرکردنی بیرکردنەوەو خولیی بەدواداچوون وبەرهەم هێنانی مەعریفەی زانستی لای فێرخوازان، ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ڕێگا بەکارهێنراوەکانی ئێستای پرۆسەی خوێندنی ڕەسمی تەقلیدی وکۆنن ومامۆستا لە سەنتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسەكەدایە، هەروەها كەمترین وبچوكترین پاڵنەر بۆ فێربوون لای قوتابیان بەرهەم دەهێنێت، وە گرنگترین خاڵی هەستیاریش ئەوەیە ئاستی هێزی پاڵنەری فێربوون لای خێرخوازان، جۆری ئامانج وخولیا وئاواتی فێرخواز دیاری دەكات. (محمد،٢٠٢١ لا١١)

## كێشەی توێژینەوە

دوا بەدوای بە دواچوون وپرسیاركردن وخوێندنەوەی چەند پەرتووك وتوێژینەوەیەك گەیشتمە گەڵاڵەكردنی ئەو بیرۆكەیەی كە ماموستایان لە قوتابخانەكان ئەو رێگاو شێوازانەی فێركردن ووانەوتنەوەی كە بەكاری دەێنن لە بابەتی زانستەكان بەتایبەتی(زیندەزانی) ڕەچاوی جیاوازی تاكایەتی فێرخوازان ناكات.

هەروەها ڕیگا بەكارهێنراوەكان بە وردی وبە تەواوی نابنە هۆی فێركردنی بیركردنەوەو خولیی بەدواداچوون وبەرهەم هێنانی مەعریفەی زانستی لای فێرخوازان، ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات كە رێگا بەكارهێنراوەكانی ئێستای پرۆسەی خوێندنی ڕەسمی تەقلیدی وكۆنن وماموٚستا لە سەنتەری پرۆسەكەدایە، هەروەها كەمترین وبچوكترین پاڵنەر بۆ فێربوون لای قوتابیان بەرهەم دەهێنێت، وە گرنگترین خاڵی هەستیاریش ئەوەیە ئاستی هێزی پاڵنەری فێربوون لای خێرخوازان، جۆری ئامانج وخولیا وئاواتی فێرخواز دیاری دەكات. (قطامی،٢٠٢١)

هەربۆیە توێژەران بڕیاری دا ئەو توێژینەوەیە بكات لە ژێر ناونیشانی (شێوازەكانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی VARKلەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زیندەزانی)، هەروەها كێشەی توێژینەوەكەشم دەبێتە هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئەنجامی ئەو پرسیارەی ئایا شێوازەكانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی VARK كامەیە لەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زیندەزانی؟

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی تیۆری: ڕەهەندێكی دیكەی بایەخی ئەم شێوازەی فێربوون ئەوەیە كە ماموٚستایان لەسەر بنچینەی ئارەزوو وپێویستی فێرخواز چالاكیەكان هەڵدەبژێرێت وجۆری ڕاهێنانەكان دیاری دەكات، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە كە ئەو شێوازەی ڤارك (vark) فێرخواز دەكاتە سەنتەری پرۆسەی فێربوون

وفێرکردن نەک ئەو شێوازەی کە مامۆستا ئارەزووی دەکا یان ئەو ڕێگایەی کە مامۆستا لەسەری ڕاهاتووە. (الدشتي، 1989)

وە بە شێوەیەکی گشتی گرنگیەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- ئەم توێژینەوەیە لە بواری زانستە پەروەردەییەکان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی معریفەی پەروەردەیی تایبەت لەڕێگاکانی وانەوتنەوە.

٢- دەتوانرێ ئەم توێژینوەویە وەکو سەرچاوەیەک سود بگەیەنێ بە توێژەرانانی دیکەی بواری پەروەردەو فێرکردن.

٣- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەروەردییەکان وگرنگی بەکارهێنانی میتۆدو ڕێگا وشێوازە نوێ هاوچەرخەکان لەبواری وانەوتنەوە.

گرنگی پراکتیکی:

١- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەرچاو ڕۆشنیەک بۆ وەزارەتی پەروەدە: بەڕێوەبەرایەتی مەشق وڕاهێنان (خولەکانی شیاندنی مامۆستایان) تاوەکو بڕیاری پێویست بدەن بۆ چاک کردنەوەی پرۆگرامەکانی مەشق وڕاهێنانی مامۆستایان.

٢- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ وە بەرهێنان لە بوارە پەروەردەییەکان تاوەکو خاوەن بڕیارەکان بۆ بەرپرسانی باڵای پەروەردەیی لە دامەزراوە فێرکارییەکان بڕیاری گونجاوی لەسەر بدەن.

٣- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی پڕاکتیکی بۆ مامۆستایانی قۆناعەکانی بنەڕەتی بۆ ئەنجام دانی وانەوتنەوەیی کاریگەر وچۆنیەتی بەرزکردنەوەی پاڵنەری فێرخوازان، بەمەش پرۆسەی فێربوون باشتر ڕوودەدات وبەدەستهێنانی نمرە بەرز دەکاتەوە.

٤- توێژینەوەکە ئەو گرنگیە دەخاتەروو کە شارەزایی مامۆستایان زیاتر دەکات بەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە شێوازەکانی فێربوون لە نێوان فێرخوازاندا وکاریگەری لە سەر فێربوونی چالاک دەبێت،

٥- هەروەها ئاسانکاری بۆ مامۆستایان دەکات کە ئەزموونەکانیان فراوان وجۆراوجۆربکەن وبیگونجێنن لەگەڵ شێوازەی فێربوونی فێرخوازان.

## ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- زانینی شێوازکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی ڤارک VARK لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بە گوێرەی ڕەگەز؟

٢- زانینی جیاوازی شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی ڤارک VARK لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی؟

## بواری توێژینەوە:

بواری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لە پارێزگای هەولێر.

بواری کاتی: بۆساڵی خوێندنی 2021-2022.

بواری شوێنی: توێژینەوەکە جێ بەجێ دەکرێ لە سنوری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر

## پێناسەی دەستەواژەکان:

### ١-شێوازەکانی فێربوون

پێناسە کراوە لە لایەن هەریەک لە:

-(Keefe،١٩87): شێوازی فێربوونی بە سیفەت ورەفتاری مەعریفی وسۆزداری وفیزیۆلۆجی پێناسە کرد کە تا ڕادەیەک کاریگەرییە نەگۆڕەکانی چۆنیەتی هەستکردن، پرۆسەکردن وکارلێککردن لەگەڵ ژینگەی پەروەردەییدا پێکدێنێت. (Keefe،١٩87)

-(کولب،١٩٨٤): ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی کە تاک دەیگرێتە بەر بۆ فێربوون. (کولب،١٩٨٤)

-(Kinsella،١٩٩٤): شێوازی فێربوونی پێناسە کرد بە هۆی شێوازی سروشتی وپەسەندی تاک لە پرۆسەکردن وگێڕانەوەی زانیاری وکارامەیی نوێ کە بە بێ گوێدانە ڕێگاکانی پەروەردە یان جیهان بەردەوام دەبێت (Kinsella،١٩٩٤)

-(الساعدی والشمري ،٢٠٠٦): بریتیە لە ڕێکایەکی پەسند یان چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیاری نوێ لایەن فێرخواز بە ڕێگایەکی ئاراستەکراوی باشتر. (الساعدی والشمري ،٢٠٠٦)

-(الذویخ،٢٠١٦): ئەو شێوازەیە کە فێرخواز وەریدەگرێت، لەو بیرۆکە وزانیارییانەی کە لە ڕێگەی وانەی جیاوازەوە بۆیان دەستەبەر کراوە. (الذویخ،٢٠١٦)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی ڕێکاری: بریتیە لە کۆمەڵێک شێوازی جیاوازی فێربوون، کەتاک دەیگرێتبەر بۆ گەیشتن زانیارییەکان بە باشترین شێوە.

**٢- مۆدێلی ڤارک (VARK):** پێک هاتوە لە چوار شێواز (بینین، بیستن، نوسین وخوێندنەوە، هەست وجوولە).

visual =(V)-
Auditory =(A)-
Read/Wrire =(R)-
Kinesthetic =(K)- (الذويخ،٢٠١٦)

## پێشینەی تیۆری توێژینەوە ولێکۆلینەوەکانی پێشوو:

### تەوەری یەکەم: پێشینەی تیۆری توێژینەوە

هەموو تاکێک زانیاری لە ڕێگەی هەستیەوە کۆدەکاتەوە، دواتر تێرامان بۆ زانیارییەکان دەکات تاکو لە دەوروبەرەکەی بگات، لەوانەیە ئەو زانیاریانە لە یەک کاتدا لە ڕێگەی کۆمەلێک هەستەوە وەربگرێت، بۆ نمونە (کاتێک سەیری کەسێک دەکات، یان کەسێک دەبینێت قسەی بۆ دەکات) ئەگەرچی دەتوانێت ئەو زانیارییانە لە کۆمەلێک هەستەوە لە لەهەمان کاتدا وەربگرێت، ئەمە وا دەکات یەک هەست بە شێوەیەکی چالاک وکاریگەر بەکاربهێنێت. (Fleming و Bonwell، 2019)

وە (Fleming & Bonwell) پێناسەی شێوازەکانی فێرکردنی کردووە کە ئەو ڕێگاییەیە کە فێرخواز زانست وزانیاری وشارەزایی پێ وەردەگرێ، وە ئەو ڕێگایە زانیارییەکانی تێدا ڕێک وپێک دەخات وپاشان ئەو ڕێگایە تۆمار دەکات وە زانیارییەکان تێدا پێکەوە دەبەستێتەوە وبەو ڕێگایەی کە خۆی دەری دەبڕێت. (Fleming و Bonwell، 2019)

(Fleming & Bonwell) مۆدێلێکیان ئامادە کردووە بۆ پۆلێن کردنی فێرخوازان لەسەر بنەمای ئارەزووەکانیان و پێویستیان کە پێ ی دەگوترێت ڤارک(VARK)کە پێک دێت لە چوار بەشی فێرکاری تایبەت ئەویش (بینین V، بیستن A، نوسین وخوێندنەوە R، هەست وجوولە K).لێرەدا دەبینین کە هەندێک فێرخواز دەتوانن فێربن بە بەکارهێنانی یەک شێواز یان دوو شێواز وە هەندێک فێرخواز فێردەبن بە شێوازی تێکەڵاو وەکو بینین و نوسین یانیش بیستن و جوولە.وە نموونەی ڤارک

بەناوبانگترین مۆدێل هەژماردەکرێ لەڕووی بەکارهێنان لەلایەن مامۆستاکانەوە بۆ زانینی و دیارکردنی شێوازەکانی فێربوونی فێرخوازان.

(Fleming & Bonwell) لە نموونەکەی بۆ هەر فێرخوازێک ڕێگایەکی تایبەت دادەنرێ کە دەتوانرێ لە ڕێگای دا زانیاری تێبگات ووەربگرێت کە ناوی لێ نا (باشترین ڕێگای فێربوونی فێرخواز). (Fleming و Baume، 2006)

وە لە دەرئەنجامی زیادبوونی گرنگیدان بە شێوازەکانی فێربوون و بایەخی ئەو بابەتە لە ئاسانکردن و خێرایی فێربوون، تەنانەت زۆر کتێب و نوسراو لەوبارەیەوە، وەک :(Dunn and Dunn)،(McCarthy)،(Kolb)،مۆدێلی (Vark) وە لە نێوان ئەو مۆدێلانەی کە باسکرا، زۆر خاڵی هاوبەش بەدیدەکرێ، بەڵام گرنگترین خاڵی هاوبەش لە نێوانیان بریتیە لە جەختکردن لەسەر ڕەووتی ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان قوتابیان، سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی مۆدێلەکان زۆر جەخت لەسەر فێروون و فێرکردنی چالاک و کاریگەر بەوەی کە بگونجێندرێ لەگەڵ لە چوارچێوەی دیزاینکردن و ڕێکخستن و پرۆسەی فێرکردن، ئارەزوو وشێوازەکانی فێرخواز.(مصطفى،٢٠١٥)

## شێوازەکانی فێربوونی ڤارک (VARK):

### 1- شێوازی بینین(visual):

فێرخواز لەم شێوازەدا پشت بە بابەتە بینراوەکان دەبەستێت بۆ فێربوون وەک بینین وخوێندنەوە وبابەتەکانی تر، فێرخواز لەم شێوازە باشتر فێردەبێت، هەروەک نەخشە وهێڵکاری یارمەتیدەر دەبێت بۆیان بۆ فێرخوازانی ئەم شێوازە. (Othmana و Amiruddinb، 2010)

### ٢- شێوازی بیستن (Auditory):

فێرخواز لەم شێوازەدا لە ڕێگەی گوێگرتن لە بابەتەکان سوود دەبینێت، تۆمارە دەنگیەکان لەلایەن فێرخوازەکانەوە پەسەندە، گفتوگۆ ودیالۆگی زارەکی پێشوازیەکی باڵای هەیە، چوارچێوەی ئەم شێوازە بە تێگەیشتن لە ئەزموون وبابەت وپرۆسە دەنگیەکان دەبێت. (Othmana و Amiruddinb، 2010)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣- شێوازی نوسین وخوێندنەوە (Read/Wrire):**

فێرخواز لەم شێوازە جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیبردن بە فیکرەکان وماناى ئە وووشەو دەستەواژانە دەیخوێنێتەوە یان ئەوانەی دەینوسێتەوە. لە میانەی خوێندنەوەی فیکرەکان وماناکان یان نوسین فێر دەبێت. ئەو فێرخوازانەی سەر بەم شێوازەن مەیلییان بۆ ئەوە دەچێ وپێیان خۆشە ئەزموونە فێرکارییەکان بە شێوازی کۆکراو ونوسراو وخوێنراو بخرێتەڕوو. هەروەها حەزیان بە خوێندنەوەی بابەتەکانە، یان نوسینیان. وە کارامەیی وورد وباڵایان هەیە لە پێشوازیکردن وبەرهەمهێنان وچارەسەری زانیارییەکان وە ئەوەی ئەزموونە فێرکاریی وپرۆسەی فێرکردنیان بە هێزتردەکات بریتیین لە هۆکارە نوسراو وخوێنراوەکان. (Shah و Ahmed، 2013)

**٤- شێوازی هەست وجووڵە (Kinesthetic):**

لەم شێوازەیاندا فێرخواز لە رێگەی دەستلێدان (Touch) ئارەزووی فێربوونی بابەتەکان دەکات، هەوڵدەدات لە رێگەی جوڵە وکاری دەستی بە بەکارهێنانی هەستەکانی فێری کارەکە ببێت، ئەو فێرخوازانەی ئەم شێوازە پەیرەو دەکەن ئارەزووی ئەوە دەکەن نمونەکان زیندوو وسروشتی بن، لێهاتووی بە کارهێنانی کۆمپیوتەر وتاقیگەکان وتوانی وەرگرتنیان بۆ بابەتەکان زۆر بەرزە. (Shah و Ahmed، 2013)

## تەوەری دووەم: لێکۆلینەوەکانی پێشوو:

**١-لێکۆلینەوەی (شهری،٢٠١٨):** شێوازەکانی فێربوون خواستراو و بە گوێرەی مۆدێلی ڤارک لای قوتابیانی قۆناغی ناوەندی لە پارێزگای نماس و پەیوەندی بە هەندی گۆڕاوەوە

ئامانجی زانینی شێوازەکانی فێربوون خواستراو و بە گوێرەی مۆدێلی ڤارک لای قوتابیانی پۆلی هەشتەم و نۆیەم نموونەی توێژینەوەکە پێک هاتووە لە ٢٥٢ قوتابی (لە رەگەزی١٧٢ نێر ،١٢٥ لە رەگەزی مێ) وە پێوەری پێوەری ڤارک ئامادە کراوەی جیهانی لە لایەن (Fleming&Bonwell) بەکارهێناوە، وە ڕاستگۆیی ڕواڵەت و جێگیری بەرێگای تاقی کردنەوەو دووبارە تاقی کردنەوە دەرهێناوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی داتاکانیش پشتی بە بەرنامەی (spss) بەستووە وە ئەنجامەکانیش بریتیە لە شێوازی جووله و شێوازی بینین شێوازێکی فێربوونی خواستراوە لای قوتابیانی پۆلی هەشت و نۆ. (شهری،٢٠١٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- لێکۆلینەوەی (الشديفات،٢٠٠٨):** شێوازەکانی فیربوونی خواستراو لای قوتابیانی بەشی زانستە پەروەردەییەکان لە کۆلێژی ئەمیرەی باڵای زانکۆ: ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش زانینی شێوازەکانی فیربوونی خواستراو لای قوتابیانی بەشی زانستە پەروەردەییەکان لە کۆلێژی ئەمیرەی باڵای زانکۆ نموونەی توێژینەوکەش پێکهاتوە لە (٢٠٠) قوتابی کۆلێژ وە پێوەری ڤارک ئامادە کراوەی جیهانی لە لایەن (Fleming&Bonwell) بەکارهاتووە وە ڕاستگۆی ڕواڵەت جێگیری بۆ پێوەرەکە کراوە بەرێگای تاقی کردنەوەو دووبارە تاقی کردنەوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی داتاکانیش پشتی بە بەرنامەی (spss) بەستووە وە ئەنجامەکانیش شێوازی جوولە فێربوونێکی خواستراوە لای قوتابیانی بەشی زانستە پەروەردەییەکان. (الشديفات،٢٠٠٨)

## توێژەران سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت لەڕووی:

١-دارشتنی ئامانجەکانی توێژینەوە.
٢-دیاریکردنی گرفت وکێشەی توێژینەوە.
٣-لیستێک لەسەرچاوەی پەیوەندی دار بەتوێژینەوەکە.
٤-هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە.
٥- هەڵبژاردنی کەرستەی توێژینەوەکە.
٦-بەکارهێنانی هۆیەکانی ئاماری.
٧-شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

## ڕێکارەکانی توێژینەوە Research procedures

### ١-هێلکاری توێژینەوە :Experimental Design

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان ئەم توێژینەوەیە توێژەران میتۆدی وەسفی بەکاردەهێنێت بۆ زانینی شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی VARK لەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لە بابەتی زیندەزانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە میتۆدی وەسفی بریتیە لە وەسف کردنی دیاردەیەک یان رووداوێک وکۆکردنەوەی ڕاستی وتێبینیەکان دیاردەو یان رووداوەکە بۆ وەسفکردنی بارودۆخە تایبەتیەکان کە پەیوەستە پێیان (جابروکاظم،١٩٧٣، لا٤٠).

## ٢-کۆمەڵگای توێژینەوە Research population

هەموو ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتەوە کە توێژەران هەڵدەست بە لێکۆلینەوەلێیان (ملحم ٢٠٠٢،لا٢٤٧) توێژەران یان پسپۆری ئاماری هەڵدەستێ بە دیاریکردنی کۆمەڵگایەکی گونجاو و بە گوێرەی تایبەتمەندیەکانی ئاراستەی توێژینەوەکە (عودا و خلیل 2010،لا١٥)، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگایەی کە نموونەکانی لێ وەردەگیرێت بە دابەش کردنێکی دیاریکراو ئەو دابەش کردنەش ئەگەرییە بۆ گۆڕاوێکی هەڕەمەکی کە تاکەکای ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە ئەمەش کۆمەڵگایە پێ ی دەگوترێت سەرجەمی گشتی، وە سەرجەم تاکەکانی تایبەت بە کێشەکە پێ ی دەگوترێت کۆمەڵگای ئاماری (ابو صالح وعوف،٢٠١٠ لا١٦٩). ئەم توێژینەوەی ئێستا قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر کە پێک دێت لە (٤٠٨) قوتابخانەی بنەرەتی کە سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێرە وە لە (١٥٣٨٩) قوتابی لە ڕەگەزی نێرو مێ پێک هاتووە، (٧١٢٨) قوتابی لە ڕەگەزی مێ، (٨٢٦١) قوتابی لە ڕەگەزی نێر.

## ٢-نموونەی توێژینەوە :Research Sample

نموونەی توێژینەوەکە پێک هاتووە لە:

یەکەم: نموونەی تاقیکردنەوەی پەیپێبرد بۆ پێوەر، (٢٠٠) قوتابی بۆ پێوەری شێوازەکانی فێربوون و(٥٠) قوتابی بۆ جێگیری پێوەر شێوازەکانی فێربوون.

دووەم: وە نموونەی بنەڕەتییش بریتیە لە (٢٠٠) قوتابی (١٠٧) قوتابی لە ڕەگەزی مێ و (٩٣) قوتابی لە ڕەگەزی نێر.

## ٣- کەرستەکانی توێژینەوە: Research Tools

توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە پێوەر بەکاردەهێنێت، پێوەری شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی ڤارک ئەویش پێوەری جیهانی (فلیمنج) بەکاردەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێوەری ڤارک: شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی ڤارک لە لایەن (Fleming&Bonwell) دروستکراوە وە پێک هاتووە لە (٦٤) برگە وە هەر برگەیەک لە (١٦) برگە پێک هاتووە وە هەر دەستەواژیەک (٤) هەڵبژاردەی هەیە کە هەر هەڵبژاردەیەک وەسفی جۆرێک لە شێواز دەکات شێوازەکانی فێربوون دەکات (V شێوازی بینین لە ووشەی visual)(A Auditory شێوازی بیستن) (R نوسین وخوێندنەوە Read/Write) (K Kinesthetic شێوازی جوولە). وە دواتر ڕاستگۆیی ڕووکەش و جێگیری و ڕاستگۆیی وەرگێرانی بۆ ئەنجامدراوە.

## بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان وگفتوگۆکردنیان

-خستنەڕووی ئەنجامەکان: توێژەران ئەنجامەکان دەخاتە ڕوو بە پێی ئامانجەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ئامانجی یەکەم:

**زانینی شێوازکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی ڤارک VARK لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بە گوێرەی ڕەگەز؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەران ناوەندە ژمێرەیی ولادانی پێوەری بۆ تاقیکردنەوەی ڕاپرسی ڤارک بۆ هەردوو ڕەگەز دەرهێنا، لە ئەنجام دا دەرکەوت کە شێوازی بینین بە ناوەندە ژمێرەیی (4.51) باشترینی جۆری فێربوونە لای قوتابیە کورەکان واتا بە ڕێز بەندی یەکەم دێت، وە لای قوتابیە کچەکان شێوازی جوولەیی بە ناوەندە ژمێرەیی (4.71) باشترین شیوازە بە پلەی یەکەم دێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

**خشتەی ژمارە (١): ناوەندە ژمێرەیی ولادانی پێوەری وڕێژەیی سەدی وریزبەندی شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان**

| ڕەگەز | شێواز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ژمارەیان | % | ڕێزبەند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کورەکان | V | 4.51 | 2.769 | 93 | 0.2818 | یەکەم |
| | A | 3.65 | 2.522 | | 0.2281 | سێیەم |
| | R | 3.48 | 2.880 | | 0.2175 | چوارەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | K | 4.37 | 3.035 | | 0.2731 | دووەم |
| کچەکان | V | 3.93 | 2.346 | 107 | 0.2456 | دووەم |
| | A | 3.61 | 1.892 | | 0.2256 | چوارەم |
| | R | 3.76 | 2.642 | | 0.235 | سێیەم |
| | K | 4.71 | 3.279 | | 0.2943 | یەکەم |
| گشتی | V | 4.20 | 2.561 | 200 | 0.262 | دوووەم |
| | A | 3.62 | 2.202 | | 0.2262 | چوارەم |
| | R | 3.63 | 2.752 | | 0.2268 | سێیەم |
| | K | 4.55 | 3.165 | | 0.2843 | یەکەم |

وە لێکۆلینەوەی (شهری ٢٠١٨) (شباب ٢٠١٩) ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە باشترین شێوازی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕتی بریتیە لە شێوازی بینین وجووله. وە توێژەران هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی زانستەکان بەتایبەت زیندەزانی کە تاقیگەی تێدا بەکاردێ ووە ئێشکردن وئەنجام دانی تێستەکان بەدەستی خۆیان وجوولەی زۆر تا گەیشتن بەئەنجامەکان.

وە بەشێوەیەکی گشتی لای هەردوو ڕەگەز هەروەک لە خشتەکە دا دیارە دەبینین شیوازی جووله بەڕێزبەندی یەکەم وشیوازی بینین بە ڕێزبەندی دووەم وشێوازی نوسین وخوێندنەوە بە ڕێزبەندی سێیەم وشێوازی بیستن بە ڕێزبەندی چوارەم دێت.

## ئامانجی دووەم:

### زانینی جیاوازی شێوازەکانی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەران ناوەندە ژمێرەیی ولادانی پێوەری لە ڕێگای بەکارهێنانی تاقی کردەوەی تائی (T. Test) بە تاقیکردنەوەی شێوازەکانی فێربوون دەرهێنا، وە ئەگەر تێبینی خشتەی ژمارە (2) بکەین دەردەکەوێت کە بەهای تائی دەرهێنراو بۆ هەموو شێوازەکان کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی یاخود پێشبینیکراو ئەوش مانای ئەوەیە کە نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری شێوازەکانی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بە گوێرەی ڕەگەز، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە (٢): ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی نێوان شێوازەکانی فێربوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| شێواز | ڕەگەز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ژمارەیان | نرخی تائی: دەرهێنراو | نرخی تائی: خشتەیی | دلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| V | کورەکان | 4.51 | 2.769 | 93 | 1.60 | 1.96 (0.05) (198) | بەهاداری ئاماری نیە |
| | کچەکان | 3.93 | 2.346 | 107 | | | |
| A | کورەکان | 3.65 | 2.522 | 93 | 0.12 | | بەهاداری ئاماری نیە |
| | کچەکان | 3.61 | 1.892 | 107 | | | |
| R | کورەکان | 3.48 | 2.880 | 93 | 0.69 | | بەهاداری ئاماری نیە |
| | کچەکان | 3.76 | 2.642 | 107 | | | |
| K | کورەکان | 4.37 | 3.035 | 93 | 0.76 | | بەهاداری ئاماری نیە |
| | کچەکان | 4.71 | 3.279 | 107 | | | |

## دەرئەنجامەکان:

لەڕێگەی شیکردنەوەی داتاکانەوە توێژەران توانیان ئەم ئەنجامانە بەردەست بخەن:

١-جیاوازی هەیە لەئاستەکانی شێوازەکانی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەشێوەیەکی گشتی لەشێوازی بینینەکی پاشان جوولەکی نووسین وخوێندنەوە وبیستەکی.

٢-نزیکی لە نێوان چوار شێوازەکانی فێربوون هەیە لای قوتابیانی نێرو مێ.

٣-قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز شێوازی بیستەکیان پێ پەسەند نیە.

٤- قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕەگەزی نێر شێوازی بینینەکیان پێ پەسەندترە.

٥- قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕەگەزی مێ شێوازی جوولەیان پێ پەسەندترە.

## ڕاسپاردەکان:

توێژەران دوای ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان، ڕاسپاردەی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

١-پێویست بوونی هاوکاریکردنی قوتابیان بۆ زانینی شێوازەکانی فێربوونی خواستراو.

٢-گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن وهەمە جۆرکردنی لە چالاکی بابەتە فێرکاریەکانی کەپێداویستیەکانی شیوازەکانی فێرکاری لای قوتابی بداتەوە.

٣-پێویستی ڕەچاوکردنی شێوازەکانی فێربوون بەپێی مۆدێلی vark لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی بنیاتنان وپێداچوونەوەو گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

٤-ئەنجامدان وبەستنی کۆمەڵێک پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان تا وەکو هاوکاریان بکات لە دۆزینەوەی شێوازەکانی فێربوونی خواستراو لەلایەن قوتابیانی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان.

٥-جەختکردنەوەو پێشاندانی بایەخی هەمە جۆرکردنی چالاکیەکانی فێربووون وشێوازەکانی خستنەڕووی زانیاری وڕاستیەکان بۆ قوتابیان کە بگونجێ لەگەڵ شێوازەکانی فێربوونی باو لایان.

٦-سەرنج ڕاکێشانی ڕوانینی مامۆستایان وپەروەردەکاران بۆ شێوازی فێربوونی باو لای قوتابیان وە کارکردن لەسەر ڕاهێنانیان لەسەر شێوازەکانی تری فێربوون هەتا وەکو هاوسەنگی دروست بێت.

## پێشنیازەکان:

توێژەران پێشنیاز دەکات لەدوارۆژدا ئەم ناونیشانانەی خوارەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە بەڵام بەکارهێنانی پێوەری تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە بەڵام لە بابەتە جیاوازەکانی تری خوێندن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە لە هەمان بابەت بەڵام لە قوناغەکانی تری خوێندن.

## سەرچاوەکان:

سەرچاوەکوردیەکان:

- سیوەیلی, ئ .(٢٠١٤). *مامۆستای کارامە و مامۆستای سەرکەووتوو* .سلێمانی, چاپی یەکەم: چاپخانەی شڤان.
- عزیز, ک. ا .٢٠١٤. *بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە* .هەولێر, چاپی یەکەم, هەولێر-هەرێمی کوردستان: چاپخانەی نارین.
- قادر, ر. ح .٢٠١٤. *ڕێگاو شێوازە تیۆری و پراکتیکەکانی وانەووتنەوە* .چاپی یەکەم : چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- محمد, م. ا .(٢٠٢١ ).*ڕێاکانی وانەووتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆجیادا* )چاپی یەکەم .چاپخانەی ڕاستی.

سەرچاوەعەرەبیەکان:

- ابوصالح, م. ص &, .عوض, ع. م .(2010). *مقدمة في الاحصاء، مبادئ وتحليل باستخدام SPSS* )ط 2 عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

- الدشتي, ع. ع .(1989) .*تكنولوجية التعليم* .الكويت: مكتبة فلاح.
- الذويخ, ن. ص .(2016) .*أنماط التعلم نموذج فارك* .
- الساعدي, ف. ش ,.و الشمري, ك. ع .(2006) .أساليب التعلم التي يفضمها طلبة الكية التقنية-بغداد .*مجلة منشورة في كلية الاداب العدد 78*.
- الشديفات, ن. ا ,.و اخرون .(2008) .اثر أنماط التعلم المفضلة علي فعالية الذات لدى طالبات قسم العلم التربوية في كلية الاميرة عالية الجامعية .*مجلة العلوم التربوية والنفسية*.
- جابر, ج. ع,.و كاظم, أ. خ .(1973) .*مناهج البحث في التربية وعلم النفس* .القاهرة-مصر: دار النهضة العربية.
- شهري, ظ. ب ,2008 .اب .(أنماط التعلم المفضلة وفق نموذج (VARK) مدى طلبة المرحلة الثانوية بمحافظة النماص وعلاقتها ببعض المتغيرات .*المجلة الدولية المتخصصة*.
- عودة , أ. س ,.و الخليلى, خ. ى .(2000) .*الاحصاء للباحث في التربية والعلوم الانسانية* ط2 .(اربد، الاردن: دار الامل للنشر والتوزيع.
- قطامي, ي. ق .(2001) .*سايكولوجية التدريس* ص 18 .الاردن: الجامعة الاردنية -قسم علم النفس التربوي.
- مصطفى, ف. ع .(2015) .*دراسة تحليلية للأنماط التعلم السائدة لدى الطلبة المرحلة الرابع في كلية التربية الرياضية* .اربيل: جامعة صلاح الدين -كلية التربية الرياضة.
- ملحم, س. م .(2002) .*مناهج البحث في التربيةوعلم النفس* .عمان: دارالمسيرة للنسر والطباعة ط1.
- نواف, ع. ر .(2017) .تدريس الرياضيات أنماط التعلم المفضلة لدى طلبة في مرحلة الاساسية العليا .*دار خليج للنشر والتوزيع* .

سەرچاوەبیانیەکان:

Fleming, N. D., & Bonwell, C. (2019). *HOW DO I LEARN BEST?* Springfield, Missouri 65804,, USA: Published by the authors.Neil D Fleming,Charles Bonwell

Fleming, N., & Baume , D. (2006). Learning Styles Again: VARKing up the. *Educational Developments, SEDA*, 3.

Keefe, W. J. (1987). *Learning Style Theory and Practice.* California: Natl Assn of Secondary School .

kinsella, k. (1994). *Perceptual learning style.* London: In Rei (1995).

kolb, D. (1984). *Experince as the source of learning & Development.* Englewood cliff : printice -Hall ,inc.

Othmana, N., & Amiruddinb, M. H. (2010). Different Perspectives of Learning Styles from VARK Model. *Prociadia Social Science behaivour*, 10.

Rosewell, J. (2005). *Learning styles.* Milton Keynes: The Open University.

Shah, K., & Ahmed, J. (2013). How different are students and their learning styles? *International Journal of Research in Medical Sciences*, 4.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Learning Styles According to The VARK Model for Eighth Grade Students in Biology

**Kani Omer Ismael**
Department of General Science, College of Basic Education, University of Salahhaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Kani.ismael@su.edu.krd

**Waad Mohammed Najat Sabri**
Department of Physics, College of Basic Education, University of Salahhaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Waad.najat@su.edu.krd

***Keywords:*** *Learicommng style, Model vark, Biology, Student, Gender(male-female)*

## Abstract

This research aimed to know the learning styles according to the (VARK) model of the eighth-grade students in the subject of biology. The researchers used the descriptive method that was appropriate with the nature of the research. And the research community included eight-grade students in basic schools at the Central Education Directorate in Erbil, the number of research community is (15389) students, (7128) male and (8261) female, the sample members is (690) students from (408) schools for the academic year 2021-2022. In order to reach its goal, the researchers used Fleming (16) item questionnaire scale after making sure of its validity and reliability (0.88), the researchers applied it to the research sample consisting of (3) schools (Betwata basic school), (Dldar basic school) and (Hezha basic school), researchers have started the procedural from 10-2-2022 to 22-2-2022. After collecting and analyzing information through statistical programs (SPSS), the researchers reached these results: the best learning patterns for eighth grade students is visual in favor of male; the best learning patterns for eighth grade students is kinesthetic in favor of female. In the end, researchers presented some recommendation for teachers and educators about learning styles, and patterns in addition to suggesting some titles of research that necessary doing them in the future by other researchers.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# أنماط التعلم حسب أنموذج VARK عند طلبة الصف الثامن الاساسي في مادة الاحياء

**ملخص:**

هدفت الدراسة الى معرفة وكشف أنماط التعلم حسب نموذج VARK عند الطلبة الصف الثامن الاساسي في مادة العلوم. اعتمدت الباحثان على منهج الوصفي لتناسبه مع طبيعة البحث، ومجتمع البحث يتكون من جميع المدارس الاساسية في مديرية التربية المركزية في عام الدراسي 2021-2022 التي بلغت عددهم الى (408) مدارس، و (15389) طلبة، (7128) ذكور، (8261) اناث، وتتكون عينة البحث من (690) طلبة. الباحثان بطريقة عشوائية حددت مجموعة من المدارس (مدرسة دنيا الاساسية، مدرسة هێژا الاساسية ومدرسة بێتواته الاساسية)، واستخدمت مقياس Fleming لأنماط التعلم بع تأكده من حيث الصدق والثبات (0.88)، وتكون المقياس من (16) فقرة. الباحثان بدأت اجراءات عملية من 10-2-2022 الى 22-2-2022، بعد جمع وتحليل المعلومات ببرنامج الاحصائية (SPSS)، وصلت الباحثان الى هذه النتائج:

1) أفضل نمط التعلم عند الطلبة الصف الثامن هو البصري عند الذكور.
2) أفضل نمط التعلم عند الطلبة الصف الثامن هو الحركي عند الاناث.

وقدمت الباحثان مجموعة من التوصيات للمعلمين والمربين، منها جذبهم الى وجود اختلافات في انماط التعلم المطلوب لدى الطلبة والتدريب عليهم. واقترحت الباحثان عدد من العناوين البحثية للباحثين الآتية على أنماط التعلم.